کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:04 5-11-2007

**تکایە... لە تەنیایدا بمخوێنەرەوە ... بارزان سەعید گەوهەر - یەکەم بەش**

✓ ـ خوێندێنەوەی خۆت، لە خوێندنەوەی سەدان کتێب گرنگترە.
✓ ـ خوێندنەوەی خۆت، کۆدی تێگەیشتنەکانە.
✓ ـ هەتا ڕێژەی خۆپەرستیت زۆربێت، کەم لە خۆت دەگەیت.
✓ ـ گرنگ نی یە درەنگ تێبگەیت، گرنگ ئەوەیە گەوجانە ژیان نەبەیتە سەر.
✓ ـ کەی خۆت ناسی، ئەو کاتە بێخۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری خەلکی
✓ دەتوانیت زۆر لە نهێنیە کانی مرۆڤ بزانیت.
✓ ـ کارێك بەنهێنی دەکەم، کە ئاشکرابوو بتوانم بەرگری لە خۆم بکەم.
✓ ـ بەهای سەربەخۆوی مرۆڤ لە مێشکی سەربەخۆدایە.
✓ ـ باوەڕ بەخۆنەبوون، لە خۆڕوانینە بە چاوی سووك.
✓ ـ مرۆڤی گچکە ناتوانێت گەورە بیربکاتەوە.
✓ ـ هەتا نەزانیت چی سوکایەتییە، ناتوانیت لە دەسەڵات تێبگەیت.
✓ ـ لە دەسەڵات تێنەگەیت وبمریت وەکو ئەوە وایە نەهاتبیتە ژیانەوە.
✓ ـ لە نەزانییەوە دڵ کراوە بە سیمبوڵی خۆشەویستی.
✓ ـ هەرچی سوێندی بۆ خواردی جێگای متمانە نی یە.
✓ ـ هەتا قۆناغەکانی ترس نەبەزێنیت، ناتونیت مرۆڤکی ئازابیت.
✓ ـ هەرچی ویستی لێی بترسی، پێویستی بە ڕێزلێگرتن نی یە.
✓ ـ نە لە ترسدا ڕێز هەیە، نە لە ڕێزدا ترس.
✓ ـ مرۆڤی تووڕە لە ئەرکی ناحەزەکانی کەمدەکاتەوە.
✓ ـ مرۆڤی نائاسایی تورە دەبێت، فریودەرانەپەروەردەکراو دەپاڕێتەوە.
✓ ـ هەرچی لێی بترسی لێی تێناگەیت.
✓ ـ لە تووڕەبووندا نەجوان دەکرێت، نەجوان دەگوترێت.
✓ ـ ناشرینترین دیمەنی مرۆڤ، سا تەکانی تووڕەبوونیەتی.
✓ ـ یەك چرکە تووڕەبوون، گەورەترین دەستکەوتت لە دەست دەدات.
✓ ـ مرۆڤ چەند پێویستی بە ئۆکسجینە، هێندەش پێویستی بە ڕێزلێگرتنە.
✓ ـ ناتوانیت ڕێز لە هەموو کەس بگریت، بەڵام دەتوانیت ڕق لە کەس نەبێت.
✓ ـ مرۆڤی بەسۆز لە خشتەبردنی ئاسانە.
✓ ـ هەر ڕێکەوتنێك لە سەر بنەمای سۆز بنیادبنرێت هەڵدەوەشێتەوە.
✓ ـ مرۆڤی بچوك ئامانجەکانی هێندەی خۆیەتی.
✓ ـ ڕۆڵە سەرەکیەکانی شانۆی ژیان گەوج دەیبینێت.
✓ ـ گەوجێك بەسە بۆشێواندنی ئاسایشی وڵاتێك.
✓ ـ ئەرکەکانی گوێ تەنها ڕاگرتنی چاویلکەوهەڵواسینی گوارە نی یە.
✓ ـ ئەوەندەی هەوڵی پێنەکردنی هەڵەکانت دەدەیت، جوانتر وایە دانی پێدابنێت.
✓ ـ ئامادەیە هەموو تەمەنی (باج) ی نەزانین بدات، بەڵام بە سووکایەتی دەزانێت بڵێ نازانم.
✓ ـ درۆیەك نی یە، بتوانێت لە بازگەی مەعریفە قوتاربێت.
✓ ـ لای گێل، زانا تێکچووە.
✓ ـ هەتا لە نیشتیمانەکەت دوورکەویتەوە ئەرکەکانت سەختر دەبن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- ✓ ـ مرۆڤێکی خۆئازادنەکردو، گرێ کوێرەی داهێنا.
- ✓ ـ بوون پرسیاری دروستکرد، پرسیار ئازادی دەدۆزێتەوە، هەوڵدان بە دەستی دەهێنیت، کۆڵنەدان دەیپارێزێت.
- ✓ ـ یاسا وەك پەڕەشوت وا یە، کونی تێبوو کاری پێناکرێتِ.
- ✓ ـ ئەوەی بتوانێت دوو ناکۆك پێکبهێنێت، کەی بیەوێت دەتوانێت تێکیان بداتەوە.
- ✓ ـ لاواز بەرامبەر بوون، تۆڵەی شتێکت لێدەکاتەوە، کە تۆ لێی بەرپرس نیت.
- ✓ ـ وەڵامی هەموو پرسیارەکان لای وشەکانە.
- ✓ ـ هەموو شەرێك سینەمای بێ بلیتە.
- ✓ ـ بەردەوام بە هەرکەسێك سەرسام بیت، وەك ئەوەوایە خۆت سەرت نەبێت.

بارزان سەعید گەوهەر
2006 ـ2002
ئەوروپاـ کوردستان ـ هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.